**حەزم لە بەهاری دڵتە**



کەژاڵ عەلی

حەزم لە بەهاری دڵتە
عەشقی منو بەهاری تۆ پرن لە نێرگز .
بە سپایی کەلی پەنجە
دێنن بۆ ناو چرۆی پرچم ،
هەناسەم پر دەکەن لە بەرامەی عەتر
لە سروەی ئەناناس ..

قەت گوێم خۆش نەویستووە
لە هارژنی تفەنگەکەی
*عەلی نەبی* یەوە نەبێ ،
وا دەزانم ئەووەلو ئەخیر ئایەتی ئاسمانیە
بۆ راپەرین ..

نەمدەزانی قەنناس چیە
تا لە کەمەندی زیرەیی
براکەمەوە دەرنەچوو ،
ئەمێستا لەم سەری دنیا
کەلە پارکێکی چاو کەسک دادەنیشم ،
فرینی باڵندەیەکیش
بێ مروەتی ئەوم بیردەهێنێتەوە ،
گڤڤە لە غەفلەتم دێنێ ،
خەیالم کوناودەر دەکا ..
بەو رووتیەوە چەند جوان بوون
هەتاوو پێشمەرگە و باران ،
بە بناری بیتوێنەوە ،
خۆزگە لە رۆژی حەشریشدا ،
بە هەمان شەفافیەتەوە
دەچوونەوە بەر لیقای خوا ..

هەموو شتێک بۆ خۆی دەبا
کچێنی خۆر ،
شۆرەتی ئەووەڵین شەهیدی خاتوون ،
شەرەفی یەکەم فیشەکی راپەرین ،
نۆبلی خۆشەویستی من .
درووود لە دەروازە ..
.....
کەژال عەلی...
زیوریخ سویسرا..٣،٣، ٢٠١٣
بە بۆنەی راپەرینە مەزنەکەی ٩١ ەوە ئەم چەند دێرەم دەکەم بە دەرگاو دەروازەی رانیەدا